# العز الضرير- عەزە کوێری ئەربیلی- نوسەیبینی و ئیبنو ئەبیلهیجائی هەزبانیی ئەربیلی- هەولێر پەیوەندیی نێوان دوو زانا

**مەهدی عوسمان هەروتی** [١]

[١] بەشی مێژوو، فاکەڵتیی پەروەردە، زانکۆی کۆیە، هەرێمی کوردستان، عێراق

**پوختە**

ئەو توێژینەوە لێکۆلینەوەیەکی شرۆڤەکارییە لەبارەی پەیوەندی نێوان دوو لەزانایانی کوردی لەدایکبووی ناوچەکانی کوردستان العز الضرير-عەزە کوێری نوسەیبینی ،وئیبنوئەبیلهیجائی هەزبانی هەولێری کەهەریەکەیان لەچەند بوارێکی زانستی وئیداری رۆلی دیاریان بینیوە وخزمەتی زۆریان بە شارستانیەتی ئیسلامی لەسەدەکانی ناوەراستدا پێشکەشکردووە ،لەهەمان کاتدا لەبەرهاوسۆزی، وهەستی نەتەوەیی پەیوەندی باشیان لەنێواندا هەبووە .دوای خستنەرووی ژیاننامەی هەریەکێکیان بەجیاو لەتەوەرەیەکدا لێکدانەوە لەسەرئەو پەیوەندیە کۆمەلایەتیەی نێوانیان کراوە تاچەندکاریگەری بەسەر پەیوەندیە زانستیەکەشیاندا هەبووە ،ئەو بەرهەمە گرنگ ، وتێروانینە زانستی ورێبازگرانەش کەلەئەنجامی ئەو پەیوەندیە وکاریگەربوون بەیەکتردروستبوون خراوەتەروو ،هەرلەو توێژینەوەیەدا چەند لایەنێك لەمێژووی ژیانی هەردوو زانای ناوبراو ئاماژەی بۆ کراوە ،بەتایبەتی ئەوەی پەیوەندی بە ئاین ومەزهەبیانەوە هەیە ، هەروەها قسەو باس لەسەر ئەوە کراوە کە نووسینەکانی مێژوو نووس ئیبنو ئەبیلهیجائی هەزبانی تاچەندکاریگەری (العز الضرير) عەزە کوێری بەسەرەوە هەبووە کەبەشیعە مەزهەب تاوانبارکراوە ،تەنانەت باس لەوەشکراوە کە خودی عەزە کوێر ئەو مەزهەبەی بەباش زانیوە ،یان لەبەر هەندێ گوتەی کەلەبارەی مافی خەلیفە عەلی کوری ئەبی تالیب وبنەماڵەکەی بۆ دەسەلات کردوویەتی ،یاخود گرنگیدانی بەخەلکانی جیا لەسوتی مەزهەبی وەکو: شیعە ،جولەکە ،مەسیحی-کریستیان ...، هەموو ئەو تۆمەتانە لەو توێژینەوەیە یەکلایی کراوەتەوە . لە هەمان کاتدا تیشك خراوەتە سەر ئەوەی شاری هەولێر-(أربل) جیا لەشارەکانی دیکەی جیهانی ئیسلامی گرنگی بەقوتابخانە فەلسەفیەکان داوە ،لەو کاتەی کە لەم جیهانەدا ئەمجۆرە زانستە لەزانستە پشتگوێخراوەکان بوو وگرنگی پێنەدەدرا .هەروەها بەبەلگەی خوێندنی زانستی فەلسەفە لەلایەن عەزەکوێر لەشاری هەولێر،دواتر وتنەوەی وانەی فەلسەفە لەماڵەکەی خۆی لەشاری دیمەشق ، ئەو روون بۆتەوە کەبەراوورد بەعەرەب وخەلکانی تری جیهانی ئیسلامی تاچەند لەنێو کورددا ئەم جۆرە زانستە رەواجی هەبووە .

**وشە سەرەکییەکان:** عەزە کوێری ئەربیلی، فەلسەفە و مەنتق، نوسەیبینی، هەزبانیی، هەولێر

## ١. پێشەکی

لەسەدەی حەفتی کۆچی/ سێزدەی زایینی، ژمارەیەك لەزانایان لەجیهانی ئیسلامیدا سەریانهەڵدا وتوانییان لەپێشخستنی چەندلایەنێکی فکرو زانست وزانیاریی شارستانیەتی ئیسلامی بەگشتی بەشداربن، بەتایبەتی لەوکاتەدا ژمارەیەك لەشارە کوردییەکانیش بایەخیان زیاتر بوو، وەکو شاری هەولێر-أربل،هەکاری،وئامەد، ونوسەیبین هتد، و ببوون بەبنکەی رۆشنبیریی گەورە و چەندین زانای بەناوبانگی کوردیان لەبوارە جۆربەجۆرەکانی زانستدا پەروەردەکرد و پێگەیاند. لەنێو ئەمانەشدا شیخ عزالدین حسن کوری محمد کوری ئەحمد نجا ئەربیلی ناسراوبە العز الضرير-عەزە کوێر( ٦٦٠ك/١٢٦١ز مردووە) فەیلەسوف ودانا وشاعیری لەدایکبوی شاری نوسەیبینی باکوری کوردستان، هەروەها میر عزالدین محمد کوری ئەبیلهیجائی هەزبانی ئەربیلی-هەولێری(٧٠٠ك/١٣٠٠ز مردووە) یەکێك بوو لەئەندامانی مالباتی میرایەتی هەزبانی لە هەولێر و مێژونوس وشاعیرێکی کوردە. ناوبراوان لەکاتی کۆچکردنیان بۆ دیمەشق و مانەویان لەوێدا، هاورێیەتییەکی گەورەو سەرنجراکێش لەنێوانیاندا هەبووە بەهۆی هاونەژادی وهاوشاری، یان ناوچەگەرێتی، کەئەمە لەلایەن ژمارەیەك لەسەرچاوەکاندا باسی لێوەکراوە. توێژەر هەوڵدەدات ئەم بابەتە لەسێ تەوەرەدا بخاتەرو، لەیەکەمیاندا: ژیاننامەی زانا العز الضرير-عەزە کوێر بەکورتی دەخرێتە رو لەتەوەرەی دووەمیش باس لە کەسایەتی ئیبنو ئەبیلهیجائی هەزبانی دەکرێت لەتەوەرەی سێیەمیشدا جۆری ئەوپەیوەندییەی کە لەنێوان ناوبراواندا هەبووە لە روی کۆمەلایەتی وزانستییەوە قسەوباسی لەسەرکراوە، وچۆنیەتی رەنگدانەوەی ئەو پەیوەندییە لەسەر کارە زانستییەکانیان بە پەرەدان بە تواناکانیان، یان لە چۆنییەتی خستنەروی زانیاریەکانیان. هۆکارەکانی ئەو پەیوەندییەش کەهەردووکیانی بەیەکەوە کۆکردۆتەوە گفتوگۆی لەبارەوە دەکرێت.

## ٢. (العز الضرير) عەزە کوێر

گۆڤاری زانکۆی کۆیە بۆ زانستە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییەکان
بەرگی ٢، ژمارە ٢ (٢٠١٩)
رێککەوتی: وەرگرتن ٢٩ تەمووز ٢٠١٨؛ پەسەندکردن: ١ نیسان ٢٠١٩
توێژینەوەی رێکخراو: لە ٢٩ کانوونی یەکەم ٢٠١٩ بڵاوکراوەتەوە.
ئیمەیڵی توێژەر: mahdi.haruti@koyauniversity.org
مافی چاپ و بڵاوکردنەوە © ٢٠١٩ مەهدی عوسمان هەروتی، گەیشتن بەم توێژینەوەیە کراوەیە لە ژێر رەزامەندی - CC BY-NC-ND 4.0

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v2n2y2019.pp73-77

فەیلەسوف وزانای (کوردی) ئیسلامی، ناوی تەواوی عزالدين حەسەن کوری محمد کوری ئەحمەد نجای غنوی ئەربیلی-هەولێریە وناسراوە بە (العز الضرير-عەزە کوێر)، لەسالی٥٨٦ك/١١٩٠ز لە گوندی ئەقسای سەر بە شاری نوسەیبین لەدایکبووە (اليونيني، ١٩٥٤، ٥٠١). دوای ئەوەی لەڕوی تەمەنەوە پێدەگات، کۆچدەکات بۆشاری هەولێر، کە لەوسەردەمەدا بنکەیەکی گرنگی زانستی و رۆشنبیریی جیهانی بوو. لەم شارەدا لەسەردەستی زانایان و قوتابخانە بەناوبانگەکانی دەست بەخوێندن و کۆکردنەوەی زانست و زانیاری دەکات. هەر لەم شارەشدا وەکو فەیلەسوف و زانایەك پێدەگات (اليونيني، ١٩٥٤، ١٦٧)، (الجوزلی، ٢٠٠٨، ٢١٨-٢١٩)، بەتایبەتی لەبوارەکانی زانستە هزرییەکان و فەلسەفە، ئەمەش مانای ئەوەیە کە لەو سەردەمەدا، واتە لەسەرەتاکانی سەدەی حەفتی کۆچی/ سێزدەی زاینی، لەئەربیل-هەولێر زانا و کەسانێك هەبون گرنگییان بەفەلسەفە وعەقلانیەت وحەکەمیات داوە، بۆیە ناوبراو دەتوانێ لەو شارە ئەم بوارە وەربگرێت و تێیدا دەربکەوێت (حسن، ٢٠٠٩ ،٢٧٣)، بەڵام ئەوەی جێی باسە ئەوەیە کە عەزە کوێر هەر بەوەندە ناوەستێ، بەڵکو لەم پێناوەدا بۆ چەند شار و ناوچەیەکی تر کۆچ دەکات و لەسەردەستی چەندین زانای دیکەی جیهانی ئیسلامی زانیاری کۆدەکاتەوە، بەتایبەتی لەشاری موسڵ.

لەوێشەوە لە ساڵی ٦٢٤ك/١٢٢٦ز کۆچدەکات بۆ وڵاتی شام و لەشاری دیمەشق زیاتر ناوبانگ دەردەکات (اليونيني،١٩٥٤،١٦٧)، بەڵام لەبەر ئەوەی لەوماوەیە لەجیهانی ئیسلامیدا بەگشتی جگە لەئەربیل، هەولێر ئەم جۆرە زانست وزانیاریانەی وەکو فەلسەفەو عەقلانیەت، سروشت وحیکمەت لەزانستە پشتگوێخراوەکان بون (حسین، ٢٠١٢،٤٩)، بۆیە لەشاری دیمەشق قوتابخانەی لەوجۆرە نەبوو کە ئەمجۆرە زانستانەی تێدا بخوێندرێ، لەبەرئەوە ماڵەکەی خۆی کردبوو بە شوێنی کۆڕ و کۆبونەوە زانستییەکانی و ڕۆڵی قوتابخانەیەکی پێ بەخشیبوو، خۆشی وەکو مامۆستایەکی ئەو قوتابخانەیە، بەجۆرێك ناوبانگی دەرکردبوو کەسەرچاوەکان چەند دەقێکیان لەبارەوە گوتووە، کەتیایدا تەواو بەهرەمەندیی ئەم کەسایەتییەمان بۆ دەردەخات، ئەوەتا هەروەکو یونینی (٧٢٦هـ/١٣٢٦م) مێژونوس دەڵێت: "زیرەك و زمانپاراو و وتاربێژ و دەربڕ و ئەدیبێکی باش،لەهەمو زانستەکانی تریشدا بەتوانا بو. لەهەمو هونەرێکدا زەینێکی لە ڕادەبەدەری هەبو" (اليونيني،١٩٥٤، ٥٠١). هەروەها دەڵێت: " لە نەحو و ئەدەب و فقە و خلاف و ئوسول و مەنتق و سروشت، لاهوت-باوەری- و زانستی ئەستێرەناسیی زانا بوو" (اليونيني،١٩٥٤،١٦٧). الذهبی (ك٧٤٨/١٣٤٧م) دەڵێت: "لەزانستی پێشیناندا پێشەنگ بو" (الذهبی ،١٩٩٩، ٤١٢). ئیبن العماد الحنبلی (ك١٠٨٩/١٦٧٨م) دەڵێت: "لەعەقلانیەت پێشەنگ بو" (الحنبلی، ١٩٧٩، ٣٠١). هەر لەبەر ئەوە بو بەردەوام ماڵەکەی جمەی دەهات لە قوتابیانی زانست و زانیاری و فەلسەفە و مەنتق و عەقلانیەت، بەڵام جیاکارییەکی تری زانستیی لەم کەسایەتییەدا هەبوو، بریتی بو لە پێشوازیکردن لە خەڵکی جۆراوجۆری ڕەگەزی و ئاینی و مەزهەبی لەکۆڕ و کۆبونەوە زانستییەکانی، کە ئەمە شتێکی دەگمەنی زانستی بوو لەوسەردەمەدا، هەروەکو ئەبوشامە (٦٦٥ک/١٢٦٦م) دەڵێت: "لە خاوەن قەڵەمان لە موسوڵمان و کافر وشیعە و جولەکە و کریستیان هتد، دەچوونەلای" (ابو شامة ، ١٩٧٤، ٣١٦). لەبەرئەم هۆیانە و بیروبۆچون و زانستەکانی،لەلایەن هەندێ زانا ومێژونوسانی سونتی مەزهەب، بەتایبەتی، بەچەند جۆرێك لەبیروباوەڕ و مەزهەبی دژ و بێباوەڕ وشیعە وزەندیق تاوانبار کراوە. هەروەکو ئەبوشامە دەڵێت: "ئاینی کەمبو" (ابو شامة، ١٩٧٤، ٣١٦). ذهبی دەڵێت: "شێوەی وەك بەلا، پیس بوو، و ناحەز بوو. هتد، عەلی لە ئەبوبکر بە بەرزتر دەزانی." (الذهبی، ١٩٩٩، ٤١٢) (واتە شیعە بو). ئیبن العماد الحنبلي دەڵێت: "بیروباوەڕێکی بۆگەنی هەبو" (الحنبلي ،١٩٧٩، ٣٠١). ئەو تاوانبارکردنانەی لەڕوی بیروباوەڕ و مەزهەبەوە، دەکرێ بوترێ، زیادەڕۆیی زۆری لەبارەوە کراوە، هۆکاری سەرەکیش، کەفەیلەسوفان لەجیهانی ئیسلامیی ئەوسەردەمەدا زۆر پەسندکراو نەبوون، ناو و ناتۆرەی زیاتریان بۆهەڵدەبەسترا ئەگینا لەو سەردەمەدا بەبونی بچوکترین بەڵگەو دەربڕین لەبارەی بێباوەڕی و بیری شیعەگەریەتی یان پێداگری لەسەر ئەم بیروباوەڕانە، گومانی تێدا نەبو لەلایەن دادگەر-قازیی ئەوکاتە دادگایی دەکراو سزادەدرا، بەڵام وەك ڕونە ئەم فەیلەسوفە هیچ بەڵگەیەکی لەوجۆرانەی لەسەر نەسەلمێنراوە کەبەشێك لەسەرچاوەکان پێی تاوانبار دەکەن. یان ئەگەر وابوایە بۆچی هەر ڕێز و پلەوپایەی لەلایەن موسڵمانانی سونتی هەبو؟ (حسن،٢٠٠٩، ٢٧٤).

بەڵگەیەکی دیکە ئەو دەربڕینانەیەتی کە لەسەرەمەرگدا دەریبڕیون، وەکو ئەو ئایەتەی خوێندویەتیەوە کەدەفەرموێ: "الا يعلم من خلق وهواللطيف الخبير"(قورئانی پیرۆز، سورەتی الملك، اية١٤) ئایا نازانن ئەوەی بەدیهێنەرە هەرئەویش نەرم و چاکەکارە لەگەڵ دروستکراوەکانی وشارەزایە بەهەموو شتێك". یان ئەو گوتەیەی کە وتویەتی: "من لەسەر بیروباوەڕی زانایانی حەنبەلیم" (الذهبی، ١٩٩٩، ٤١٣). واتە ئەمانە هەمووی ئەوە ڕوندەکەنەوە کە عەزە کوێر تاکۆتایی تەمەنی لەسەر بیروباوەڕی ئاینی ئیسلام، و لەسەر مەزهەبی حەنبەلی سونتی بووە (حسین، ٢٠١٢، ٥٠) و (حسن، ٢٠٠٩، ٢٧٤). بەڵام لەگەڵ هەمو ئەمانەشدا هەر ئەم سەرچاوانەی ناومان هێنان ئاماژە بەوە دەدەن کە ڕێز و پلەوپایەکی تایبەتی لەلای خەڵك هەبو (الذهبی، ١٩٩٩، ٤١٢) و (الحنبلی،١٩٧٩، ٣٠١) و زانست دۆست وبەشێك لەدەسەڵاتداران بەتایبەتی مەلیك ناسری دەسەڵاتداری دیمەشق وحەلەب ڕێزی زۆری لێدەگرت و موچەیەکی باشی بۆ بڕیبۆوە و بەبەردەوامیش شتی بۆ دەنارد و شەفاعەتی لەلای ناوبراو ڕەت نەدەکرایەوە، هەروەها ئەوشیعرانەی کەمەلیك ناسر خۆی دەینوسی دەیناردە لای عەزە کوێر و ئەویش بۆی ڕێکدەخست و بۆی دەناردەوە (اليونينی، ١٩٥٤، ٥٠١). دوا چرکەساتەکانی تەمەنیشی لەساڵی ٦٦٠ك/١٢٦١ز کەئیبنوئەبی لهیجائی هەزبانی لەلای ئامادەبووە و بۆ مێژونوس؛ یونینی گێراوەتەوە دەڵێت: "ڕۆژی مردنی لەلای ئامادەبوم، دوای ئەوەی نەخۆش کەوتبوو لەسەر پێخەفی مەرگدا بو، داوای خواردنی برنج بەماستی کرد کاتێك پزیشکەکانی ڕێیان پێنەدا وتی: ئەو جەستەیەی کە لەناوچووە ئەوەی بۆنەماوەتەوە داوای مانەوەی بۆبکرێ بۆیە لێمگەرێن چێژی لێوەرگرم، ئینجا دوای خواردنی خۆی قۆناغ بەقۆناغ دەرچونی گیانی لەجەستەی پێرادەگەیاندم لەکۆتایی ساتەکانیش ئایەتێکی قورئانی خوێندەوە و وتی: درۆی کرد، ئیبن سینا درۆیکرد- ئینجا گیانی دەرچو" (اليونينی، ١٩٥٤، ٥٠٢-٥٠٣). دوای کۆچی دواییکردنیشی هەر لە وشارەی بەشێکی زۆری تەمەنی تێدا بەسەربرد، شاری دیمەشقە، لەگۆڕستانی چیای قاسیون نێژرا (الذهبی، ١٩٩٩، ٤١٣).

### ٣. ئیبنو ئەبیلهیجائی هەزبانی

میرعزالدين محمد کوڕی ئەبولهیجائی کوڕی محمدی هەزبانی ئەربیل-هەولێری کوردییە [1]، و لە ساڵی (٦٢٠ک/١٢٢٣ز) لە شاری هەولێر لە دایکبووە (الصفدي،٢٠٠٠، ١١٢) و (العيني، ٦٤٤). ئەمەش ئەو لایەنە ڕون دەکاتەوە کە هەزبانیەکان دوای ڕوخانی میرنشینەکەیان لە شاری ئەربیل- هەولێر لە شێوەی بنەماڵەو میرایەتی پلەوپایەی دیاریان لە ناوچەکانیان هەبوە، بەتایبەتی لە سەرچاوەکانیش هەر بە نازناوی

میر ناوبراون (ابن كثير، ٢٠٠٨، ٢٣٨) و (المقريزي، ١٩٥٦، ٩١٨). شایەنی باسە ناوبراو لە تەمەنی گەنجیدا دەچێتە شاری قاهیرە لە وڵاتی میسر (الصفدي، ١٩٩٨، ١٩٨) و دواتر ڕودەكاتە وڵاتی شام، و دوای بە شداریكردنی لە چەندین بواری زانستیدا (الصفدي،٢٠٠٠، ١١٢) (ابن كثير، ٢٠٠٨، ٢٣٨)، بە گوێرەی شایەتیدانی ژمارەیەك لەمێژونوسان كە دەڵێن، "بەشدارییەكی باشی هەبو لە مێژو و ئەدەب و زانستی كەلام" (الصفدى، ١٩٩٨، ١١٢) (ابن كثير، ٢٠٠٨، ٢٣٨) (المقريزي، ١٩٦٥، ٥١٨) لە گرنگترین بەرهەمی مێژوییشی كتێبەكەیەتی بە ناوی (تاريخ ئیینو ئەبی لهيجائى هەزبانی)، تێیدا لە ڕوداوە مێژووییەكانی سەرەتای لەدایكبونی پێغەمبەر (د. خ) وە باسدەكات تاكو ماوەیەك بەر لەمردنی خۆی، بەڵام ئەوەی جێی باسە ئەوەیە كەتەنها بەشێك لەم كتێبە ماوەو لەبەردەستە. هەروەها هاوڕێیەتی و بەشداری كۆڕو كۆبونەوە و دانیشتنەكانی فەیلەسوف و زانای ئیسلامی (كوردی) سەردەمەكەی خۆی (العزالضریر-عەزە كوێر) و چەندین زانای تری كردووە (الصفدي، ١٩٩٨، ١١٢). لە هەمان كاتدا ڕۆڵی زۆر گرنگ لە بوارەكانی سیاسی و سەربازی وكارگێڕیشدا دەگێڕێت، بەتايبەتی لەو كاتەدا كە وڵاتی شام یاخود جیهانی ئیسلامی بە گشتی ڕوبەڕوی چەندین مەترسیی گەورە دەبێتەوە، لەمانە، هێرشكاریی مەغۆلی و خاچ دروشم و مەغۆلی و كێشە و ململانێی مەملوكەكان لە میسر و شام لە نێوان خۆیاندا (ابن كثير، ٢٠٠٨، ٢٣٨) (العيني، ٦٤٤). ئەوەبو لە نێو ئەو بارودۆخەدا لە ساڵی (٦٨٤ك/١٢٨٤ز) لە لایەن سوڵتانی مەملوكی سولتان مەلیك لمنصور سيف الدين قەلاون (٦٧٨-٦٨٩ك/١٢٧٩-١٢٩٠ز) وەكو ئامادەكاری و چاكسازییەك لە بەڕێوەبردنی شاری دیمەشق و لە پێناو دەستواڵابون بۆ ڕوبەڕوبونەوەی هێرشكاری و دوژمنە دەرەكییەكانی، میر (عزالدين محمد كوری ئەبی لهيجائى هەزبانی) دەكات بە والیی دیمەشق و والیی پێشوتر لە پۆستەكەی دەخات (ابن كثير، ٢٠٠٨، ١٧٧). بەم شێوەیە میری ناوبراوی هەزبانی لە پۆستەكەیدا دەمێنێتەوە بۆ ماوەی شازدە ساڵ، تاكو كۆچی دوایی دەكات لە ساڵی (٧٠٠ك/١٣٠٠ز) (ابن كثير، ٢٠٠٨، ٢٣٨) (العيني، ٦٤٤). شوێنی نیشتەجێبونیشی لە شاری دیمەشقە، وەك مێژونوس ابن كثیر ئاماژەی بۆ دەكات، لە شوێنێك بو ناسرابو بە (درب سعود- سقور) (ابن كثير ، ٢٠٠٨، ٢٣٨)، بەڵام بەهۆی خۆشەویستی و ناودەركردنی میری ناوبراو بەڕادەیەك لە نێو خەڵكی شارەكەدا ئەم شوێنە ناوەكەی زیاتر لە نێو خەڵكەكە دەناسرا بە (درب ئیین ئەبی لهيجاء) ( ابن كثير، ٢٠٠٨، ٢٣٨)، ئەمەش، گومانی تێدانییە، دەبێت زیاتر بۆ ڕەنگدانەوەی كار و كردەوەكانی ئەم فەرمانڕەوایە بەرامبەر بە خەڵكی ژێر فەرمانڕەواییەكەی بگەڕێتەوە، بۆیە ئەمەش بۆتە هۆكارێك كە خەڵكی شارەكە ئەوەندە لایان خۆشەویست بێت، تەنانەت ناوچەكە بە ناوی ئەوەوە ناوبنێن. ئەوەتا ژمارەیەكیش لە مێژونوسان كاتێك دێنە سەر باسی مردنی كەسایەتییە ناودارەكانی ساڵانی (٧٠٠ك/١٣٠٠ز) ئاماژە بە میر ئیین ئەبی لهيجاء دەكەن و دەستەواژەیەك دوبارە دەكەنەوە و دەڵێن: " لە ئەدەب و مێژو زانا بووە، و خاوەن ژیاننامە و خوڕەوشتێكی باش بوو" (ابن كثير، ٢٠٠٨، ٢٣٨) (المقريزي، ١٩٥٦، ٩١٨).

میر عزالدين محمد كوڕی ئیین ئەبی لهيجائى كوڕی محمدی (ئەربیل)-هەولێری هەزبانی لە ساڵی (٧٠٠ك/١٣٠٠ز) لە كاتی گەڕانەوەیدا لە گەشتێكی، لە میسرەوە بۆ دیمەشق لە ڕێگادا لە ناوچەیەك بە ناوی (السوادە) كە گوندێكی سەر بە پارێزگای ڕۆژهەڵاتە (أبي الهيجاء، ٢٠٠٤، ١٦٩) لە تەمەنی هەشتا ساڵیدا كۆچی دوایی دەكات (ابن كثير، ٢٠٠٨،٢٣٨) (المقريزي، ١٩٥٦، ٩١٨) و دەگوازرێتەوە بۆ چیای قاسیون[2] و هەر لەوێش دەنێژرێت (ابن كثير، ٢٠٠٨، ٢٣٨) (المقريزي، ١٩٥٦، ٩١٨). لەهەمان گۆڕستان كە عەزە كوێری لێنێژرا (هەروتی، ٢٠١٥). جێگای باسە كەسەردەمی هەردوو زانای ناوبراو (عەزە كوێر وئیینو ئەبیلهيجائى هەزبانی)، ماوەی زێڕینی چالاكیی زانستیی و هزری بوو؛ ژمارەیەكی زۆر لە زانایان سەریانهەڵدا لە پاڵ بەرهەمێكی یەكجار زۆری زانستیی، ئەمەش زیاتر لە ئەنجامی ئەو گرنگیدانەی دەسەڵاتدارانی ئەو كاتەی مەملوكەكان بە زانست و زانیاری بوو، یان درێژكراوەی سەردەمی پێشوتر بو كە ئەیوبییەكان بون، ئەوەبو چەندین كتێبخانەو بنكەی زانستیی بنیادنرا و گرنگیی زۆر بە زانایان و نوسین و پەیداكردنی كتیب درا، ئەوەتا ئەو كتێبخانەیەی سەر بە قوتابخانەی كاملی بو، كە مەلیك كاملی ئەیوبی لە ساڵی (٦٢١ك/١٢٢٤ز) بنیادی نا، نزیكەی سەد هەزار كتێبی لە خۆ دەگرت (أبوشامة، ٢٠٠٢، ٩٥-٩٦) (ابن كثير، ٢٠٠٨، ٤٣٧). هەر لەو سەردەمەدا ژمارەیەكی زۆر لە زانایان لە چەندین لایەن ناوبانگیان دەركردبوو لەمانە وەك، ابن العديم (٦٦٠ك/١٢٦١ز) خاوەنی كتێبی (بغية الطلب فى تاريخ حلب) و (زبدة الحلب من تاريخ حلب)، و ابو شامة ( ٦٦٥ك/١٢٦٦ز) خاوەنی كتێبی (الروضتين فى اخبار الدولتين النورية والصلاحية) و ابن ابى اصيبعة (٦٦٨ك/١٢٦٩ز) خاوەنی كتێبی (عيون الانباء فى طبقات الاطباء) و ابن خلكان ( ٦٨١ك/١٢٨٢ز) خاوەنی كتێبی (وفيات الاعيان وانباء ابناء الزمان)، و ابن واصل(٦٩٧ك/١٢٩٧ز) خاوەنی كتێبی (مفرج الكروب فى اخبار بنى ايوب)، وە ابن منظور المصرى الافريقى(٧١١ك/١٣١١ز) خاوەنی كتێبی زمانەوانی ناودار (لسان العرب)، و قطب الدين ابى الفتح موسى كوڕی محمد اليونينى(٧٢٦ك/ ١٣٢٥ز) خاوەنی كتێبی (ذيل مرآه الزمان) كە هاوڕێیەتییەكی پتەوی لەگەڵ میر (ئیینو ئەبی لهيجا) دا هەبووە، هەروەها زانیاریەكی زۆری لە میری ناوبراو وەرگرتووە بۆ نوسینی كتێبی ناوبراوی (اليونيني، ١٩٥٤). هەروەها ذهبى (٧٤٨ك/١٣٤٧ز) كە خاوەنی ژمارەیەك كتێبە بە ناوەكانی (تاريخ الاسلام ووفيات المشاهير والاعلام)، (دول الاسلام)، (العبر فى خبر من غبر) ئەمەو چەندین كتێب و مێژونوس و زانا و فەیلەسوفی دیكە، ئەمانە هەمووی مانای گەشاوەیی سەردەمی هەردوو زانای كوردی عەزە كوێر وعزالدين ئیینو ئەبی لهيجائى هەزبانییە لە ڕوی زانست و زانیاری و پیشكەوتنی جیهانی ئیسلامیی ئەو كاتە (هەروتی، ٢٠١٥).

## ٤. پەیوەندیی نێوان هەردوو زانا عەزە كوێری نوسەیینی وئیبنو ئەیلهيجائى هەزبانی

سەبارەت بە پەیوەندی زانستیی لە نێوان العز الضریر-عەزە كوێر و ئیینو ئەبیلهيجائى هەزبانی، وەك دیارە یەكەمیان لەگەڵ هەمو ئەو ناوبانگەی هەیبو لەزانستە جۆربەجۆرەكاندا بەڵام هیچ جێماوەیەكی نوسراوی لەدوای خۆیدا بەجێنەهێشتووە، جگە لەژمارەیەك دێرە شیعر نەبێت، كە مێژونوسان و ئەدەب دۆستان بۆیان گواستوینەتەوە. لەوانەیە ئەو بیروباوەڕە فەلسەفییانەی كەباوەڕی پێیان هەبو، وای لێكردبێت لەلایەن مێژونوسانەوە پشتگوێ بخرێ، لەگەڵ بەشێك لەوزانستانەی كەلێكۆڵینەوەی لەبارەوە دەكردن وەك فەلسەفە و سروشت و دانایی، كە لەو ماوەیەدا لەو زانستانە بون جێگای گرنگیپێدان نەبون (حسين، ٢٠١٢، ٤٨-٤٩). دەكرێ بوترێ هۆكارێكی دیكە بۆئەوە دەگەڕایەوە كەموسوڵمان و جولەكە و كریستیان و شیعە و سونە و بێباوەڕیش لەدەوری كۆدەبونەوە و سودیان لەزانستەكانی وەردەگرت، هەروەكو ئەبوشامە دەڵیت: "لەخاوەن قەڵەمانی موسوڵمان و كافر و شیعە و جولەكە و كریستیان. . . هتد، دەچونە لای" (أبو شامة، ١٩٧٤،٣١٦). هەربۆیە دەشێ وایكردبێ لەلایەن مێژونوسانی موسوڵمان كەمتر گرنگی پێبدرێت. خاڵێكی دیكە

Original Article |DOI: https://doi.org/10.14500/kujhss.v2n2y2019.pp73-77

پەیوەندی بەو هەڵسوكەوتە هەبێت، كە لەگەڵ دەسەلاتداراندا هەیبو، كە ڕێزی زۆری لینەدەنان كاتێك سەردانیان كردبووایە، حسابی پلەوپایە كارگێڕی وسیاسییەكانی بۆنەدەكردن، بۆیە وەك دیارە بەشێك لەمێژونوسانیش لەو ماوەیەدا لەچینی دەسەلاتداران بون، ئەمەش وای لێكردون زۆر گرنگی بەناوهێنانی نەدەن، بەنمونە هەروەكو ئیبن خەلەكان (ك١٢٨٢/٦٨١م) قازیی دیمەشق سەرەڕای ئەوەی لەگەڵ ئەودا خەڵكی یەك وڵاتن وهاونەتەوە بوون، بەڵام لەبەرئەوەی لەیەكێك لەسەردانەكانی ڕێزی زۆری لێناگرێت بۆیە دەبینین لەنوسینەكانی گرنگی پێنادات تەنانەت لەشوێنێكی كتێبەكەی (وفيات الاعيان وانباء ابناء الزمان)، كەناچاریش دەبێ ناوی بێنێ كاتێ بەراوردی شیعری شاعیرێكی (ضرير)-كوێری دیكەی میسری بەناوی ئەبو العز موفق الدين مظفر الدين كوری ئیبراهیمی میسری العيلانى الحنبلي(٦٢٣ك/١٣٢٦ز) دەكات دیسان ناوی عەزە كوێری كوردی ناهێنێ ودوای ئەوەی چەند دێرێكی شیعرەكانی ضرير-كوێری میسری دەخاتە ڕو لەبارەی كوێری كوردی دەڵێت: "ئەو دێرانە چەند دێرێكی پیاوێكی كوێری دیكەی خستمەوە یاد. هتد" (ابن خلكان، ١٩٤٨، ٣٠١) (حسين، ٢٠١٢، ٤٩). سەرەڕای ئەمانە تەنانەت لەلایەن ژمارەیەكی زۆر لە مێژونوسان بە لە ئایین دەرچوو لەقەڵەمدراوە، ئەوەتا هەروەكو ئەبوشامە بە "كەمیی ئاین" (أبو شامة، ٣١٦،١٩٧٤). ناوی دەبات. هەروها ذهبی بە"باوەری بۆگەن و نوێژنەكەر" (الذهبى، ١٩٩٩، ٤١٢) و یونینی "بە بێ ئاین و زەندیق" (اليونيني، ١٩٥٤، ١٦٥) ناوزەدیان كردووە.

ئەمانە هەموو بەیەكەوە وایكردووە بەرهەمەكانی ئەم كەسایەتییەمان بەدەست نەگات، بۆیە ناتوانین ئاستی كاریگەربونی بە ئیبن ئەبیلهیجائی هەزبانی لەڕوی زانستییەوە بزانین، بەڵام ئیبن ئەبیلهیجائی هەزبانیی هەولێری لەبەرئەوەی بەشێكی لەبەرهەمە مێژوییە نوسراوەكەی گەیشتۆتە دەست و ئێستا لەبەردەستە و لەسەرچاوەكانیش ئاستی هاوڕێیەتی هەردوولایان باسكراوە، بۆیە دەتوانین بەشێك لە كاریگەرییە زانستییەكانی عەزە كوێر لەسەر ئیبن ئەبیلهیجا لەوكتێبەی ناوبراو ببینرێت كە بە (تاريخ ابن ابى الهيجاء الهذبانى) ناسراوە، بەرلەهەموشتێك لە شیعرو شاعیراندا گومانی تێدا نییە سودی زۆری لەعەزە كوێر بینیوە (هەروتی، ٢٠١٥) ئەمە و سەرەڕای بوارە كۆمەڵایەتی و فكری- هزریەكەی و كاریگەربونی بە نوسینەكانی، چونكە وەك ڕونە ئیبن ئەبیلهیجا بەشداری دانیشتنەكانی فەیلەسوف و زانای كوردی ئیسلامی العز الضرير-عەزە كوێری كردووە (الصفدى، ٢٠٠٠، ١١٢) و هاوڕێیەتیەكی پتەویان لەنێواندا هەبووە. تەنانەت لە ڕۆژی مردنی عەزە كوێر(٦٦٠ك/١٢٦١ز) میری هەزبانی لەلای ئامادەبووە (اليونينى، ١٩٥٤، ٣٣) هەر بۆیە لە ڕوی پەیوەندیی كۆمەڵایەتی پەیوەندییەكی باشیان هەبووە، بۆیە كاتێك یونینی لەبارەی مردنی عەزە كوێر، حەسەن كوری محمد كوری نجا الغنوى ئەربیلی دەدوێت، لە ڕوداوەكانی ساڵی ٦٦٠ك/١٢٦١ز دەڵێت: "میر عزالدين محمد كوری ئەبی لهیجاء دەسەلاتداری دیمەشق گێرایەوە، كە هاوڕێیەتیان هەبووە لە ڕێگەی وڵاتەكەیان (ئەربیل-هەولێر) وتی: لەلای عەزە كوێر بووم كاتێ گیانی دەرچوو" (اليونينى، ١٩٥٤، ٣٢) هەر لەبەر ئەوەیە، تاكە كەس كە یونینی زانیاریی تەواوی سەبارەت بەعەزە كوێرلێدەست كەوتووە، ئیبن ئەبیلهیجا بووە كە نزیكترین كەسی بووە، بۆیە دەڵێت: "میر عزالدين محمد كوری ئەبیلهیجا (رەحمەتی خوای لێبێت) لەڕەچەڵەكی (العز-عەزە) هاوكاری كردم" (اليونينى، ١٩٥٤، ١٦٦-١٦٨). هەر ئەو هاوڕێیەتیی وپەیوەندییە كۆمەڵایەتییە وای لێكردبو ڕەنگدانەوەی لەبوارە هزری وزانستییەكەشدا هەبێت و تەنانەت هەردوولایان، عەزە كوێر بەبێباوەڕ و شیعە، و ئیبنو ئەبیلهیجائیش بەشیعە، لەلایەن مێژونوسانی موسوڵمانی سونییەوە تاوانبار بكرێن. سەبارەت بە یەكەمیان، لەبەر بنەما فەلسەفی وهزرییەكانی و تێكەڵبون و ئامادەبونی خاوەن ئاین و مەزهەبە جیاوازەكانی وەك موسوڵمانی سونتی و شیعی و جولەكە و كریستیان و هی دیكە بو لەكۆڕ و كۆبونەوەكانی (ابو شامة، ١٩٧٤، ٣١٦)،یان لەبەرئەوەی هەروەكو یونینی لەعزالدين ئیبنو ئەبی لهیجائی گواستۆتەوە دەڵێت: "عەزە كوێر زیادەڕۆیی دەكرد لە بەرز ڕاگرتنی خەلیفەكانی ڕاشیدین و ڕاشكاوانە عەلی بە بەرزتر دەزانی لەسێ خەلیفەكەی دیكە" ( اليونينى، ١٩٥٤، ١٦٨) (حسين، ٢٠١٢، ٥١). ئەوەی تایبەتە بە ئیبنوئەبیلهیجا ئەویش بەهەمان شێوە بە بیروباوەڕی مەزهەبی شیعی تاوانبار كراوە، ئەوەش لەبەر ئەو هاوڕێیەتییە پتەوەی نێوانی لەگەڵ عەزە كوێر و كاریگەربونی بەهزرو فەلسەفە و كاردانەوەكانی بەسەر بەشێك لەنوسینەكانی لەبواری مێژودا بو، بەتایبەتی هەروەكو ناوبردنی خەلیفەكانی دەوڵەتی فاتیمی (٢٩٧-٦٢٧ك/٩٠٩-١١٧١ز) بە ئیمام- پێشەوا. لەهەمان كاتدا ئەو تاوانباركردنانە بۆتە هۆكارێك كەزانیاری لەبارەی ئەم دوكەسایەتیە زانایە كوردە لە كتێبە مێژویی و تەراجووم –كەسایەتیەكاندا، كە نوسەرەكانیان موسوڵمانی سونتی مەزهەبن، زۆربەدەگمەن دەست بكەون، سەرەرای ئەوەی ڕۆڵی زۆر گرنگیشیان لەبوارە جۆربەجۆرەكانی زانست وزانیاریدا بینیوە، هەروەكو لەبارەی عەزە كوێر دەوترێ: " لەعەقلانییەت و زانستی پێشیناندا پیشەنگ بو " ( اليونينى، ١٩٥٤، ١٦٧)، یان لەبارەی ئیبنو ئەبیلهیجائی هەزبانی دەوترێت: "زانا بو بەئەدەب ومێژو. هتد" (ابن كثير، ٢٠٠٨، ٢٣٨).

بەڵام دەكرێت وەڵامی ئەو مێژونوسانە بەوە بدرێتەوە، نەخێر ئەو بۆچونە هەڵەیە ودورە لەڕاستیەوە، بەڵكو لەبەرئەوەیە ئەو كاریگەربونە دەبینرێت، چونكە هەریەكە لە عەزە كوێر وئیبنو ئەبیلهیجا خەڵكی یەك ناوچەن، و لە یەك نەتەوە بونە و لە وڵاتی شامدا ژیاون كەزێدی خۆیان نییە وهەستیان بەنامۆیی كردووە لەو ولاتەدا، ئەگەرچی هاوئایینیش بونە لەگەڵ خەڵكی شاری دیمەشق، بۆیە ئەمە وایكردووە ئەوەندە نێوانیان خۆشبێت. ئەمە جگە لەبونی هاوڕێیەتییەكی ئاسایی و سەرسامبون بەیەكتر. هەروەها ناوبردنی خەلیفەی فاتیمیش بەپێشەوا لەبەر ئەوە بووە كە بەهەمان شێوەی عەزە كوێر، جیاوازی بەخاوەن مەزهەب و ئایینە جیاوازەكان نەكردووە و لە كۆڕ و كۆبو نەوەكانی ئایین و ئایینزاو مەزهەبی جیاواز هەبون و بابەتیانە مامەڵەی لەگەڵ زانست وزانیاری و مرۆڤ و زانست دۆستان دەكرد (ابوشامة، ١٩٧٤، ٣١٦) (حسين، ٢٠١٢، ٤٨)، ئەویش وەكو مێژونوسێكی بابەتیانە مامەڵەی لەگەڵ ڕاستییە مێژووییەكان، هەروەكو چۆن بووە لەسەردەمەكەیدا ئاوایكردووە. واتە دەكرێت بوترێت مەرجی ئەمانەتی زانستیی مێژویی وڕێبازی زانستیانەی مێژویی لەم لایەنەدا جێبەجێكردووە. لەبەرئەوە بەوجۆرەی كە دەوترێت ئەگەر بەلایەنگیری مەزهەبی شیعەگەری بینوسیبایە، دەبو نازناوی خەلیفەكانی دەوڵەتی عەباسی، كە دوژمنی فاتیمیەكان بون، بەخەلیفە نەبردبایە، بەڵام ئەوەی جێی تێرامانە ئەوەیە كە بەهەمان شێوە نازناوی خەلیفەكانی عەباسیشی بە خەلیفە بردووە (الهذبانى، ٢٠٠٤، ٢٢٤-٢٢٥). لەهەمان كاتدا گرنگیدانی زۆری بەمێژوی سوننەمەزهەب و خەلیفەكانی عەباسی ودەسەلاتدارە سوننییەكانی تری وەكو سەلجوقی ٤٢٩-٥٩٥ك/١٠٣٧-١١٩٨ز، وئەتابەگی بەتایبەتی عمادالدين زەنگی٥٢١-٥٤١ك/١١٢٧-١١٤٦ز، نورالدين محمودی كوری، هی دیكەش دەبینرێت، تەنانەت بەڵگەش بۆ ئەمە پیاهەڵدانیەتی لەلایەن هەندێك مێژونوسی سونتی مەزهەب وەكو صفدی،م، ٧٦٤ك/١٣٦٢ز، یان ئیبن كثير،م: ٧٧٤ك/١٣٧٢ز، یاخود بەڵگەی تر ئەوەیە كە كاتێك باسی ململانێ مەزهەبیەكانی نێوان شیعە و سونە دەكات، هیچ لایەنگیرییەكی لێ بەدی ناكرێت، بۆیە دەتوانین

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v2n2y2019.pp73-77

بڵێین کە مێژونوس ئیبنو ئەبیلهیجا لەنوسینەکانیدا پابەندبووە بەنوسینی ڕێبازگری٤ مێژویی سەرەڕای ئەمانەی باسکران ئەم گوتەیەی لەبارەی تاوانبارکردنی بەشیعە دەگوترێت لەگەڵ ڕاستییە مێژوییەکانی ئەوکاتەش ناگونجێت مەملوکەکان دەسەڵاتداری ئەوکاتەی جیهانی ئیسلامی بون و خۆیان بەپارێزەری مەزهەبی سوننی ئیسلامی دادەنا و میراتگری دەسەڵاتی ئەیوبییەکان بون کە دژی مەزهەبی شیعی بون، چۆن کەسێکی وەکو ئیبنو ئەبیلهیجائی هەزبانی ئەگەر لەسەر مەزهەبی شیعی بێ، وەك تاوانباری دەکەن، لە پۆستی فەرمانڕەوایەتیی ویلایەتی دیمەشقی دادەنێن بۆماوەی چارەگە سەدەیەك کەبەشی گرنگی لابالی ڕۆژهەڵاتی دەسەڵاتەکەیانی پێکدەهێنا؟! (هەروتی، ٢٠١٥). دوای خستنەڕوی هەمو ئەوبەڵگانەی لەبارەی هەردو کەسایەتیی کوردی،ئەوە ڕون دەبێتەوە کە هەردووکیان لەڕوی باوەڕەوە - باوەڕداری موسوڵمان بون لەسەر مەزهەبی سوننی.

## ٥. ئەنجامەکان

دوای خوێندنەوە و وردبونەوە لەژمارەیەك سەرچاوە بۆ ژیان و پەیوەندییەکانی هەردو زانای کوردی (عز الضریر ـعەزە کوێر) و (ئیبنو ئەبیلهیجائی هەزبانی) دەگەین بەچەند ئەنجامێکی وەکوئەمانەی خوارەوە:

١. هەردوو زانای ناوبراو لەنەتەوەی کوردن و شوێنی لەدایکبون و پێگەیشتنیان لەسەرەتادا یەکێك لەوشارە کوردیانەیە کە لەوسەردەمەدا بنکەی زانست وزانیاریی جیهانییە، ئەویش شاری ئەربیل ـهەولێرە، کەخاوەنی چەندین زانای بەتوانا و قوتابخانەی جۆربەجۆربووە لەبوارە جیاوازەکانی وەکو فەلسەفە و دانایی - حیکمە و مەنتق و زمان هتد، و ساڵانە ژمارەیەکی زۆر لەزانای دیاریان پێدەگەیاند.

٢. هەردوو زانای کوردی بەتایبەتیش عەزە کوێر، دوای تەواوکردنی زانستەکان لەشاری هەولێر بەدوای زانستی زیاتر گەڕاون و بۆئەمەش بەچەندین شارو ناوچەی ئیسلامیدا گەشتیان کردووە، وەکو موسڵ و قاهیرە و دیمەشق و لەکۆتاییشدا هەر لەوشارەدا گیرساونەتەوە و یەکێکیان کە عەزە کوێرە دوای تەواوکردنی زانستەکان و پێگەیشتنی وەکو زانایەك و فەیلەسوفێك دەرکەوتووە، بەڵام لەبەر نەبونی قوتابخانەی تایبەت بەو بوارە وگرنگینەدان بەزانستی فەلسەفە و مەنتق لەدیمەشق ماڵەکەی خۆی کردووە بە شوێنی کۆڕ و کۆبونەوە زانستییەکان وقوتابیانی جۆربەجۆری ئاینی و ڕەگەزی لەدەوردا کۆبۆتەوە. هەرچی ئیبنو ئەبیلهیجائی هەزبانیشە ئەویش سەرەڕای بەشدارییەکانی لەم کۆڕ و کۆبونەوانەی ناوبراو و خەریکبونی بەزانستی زمان و ئەدەب و مێژو لەکاری سەربازیی جیهادی وسیاسی و کارگێڕیش ڕۆڵی خۆی بینیوە.

٣. ناوبراوان بەهۆی مامەڵەکردنی بابەتیانەیان و کاریگەربون بەبنەما فەلسەفییەکان ومامەڵەکردنی زانستیانە لەگەڵ ئایین ومەزهەبی جیاواز و خستنەڕوی ڕوداوی مێژویی بەشێوەی بابەتیانەی ڕێبازگر، بەچەندین تۆمەتی خراپ و پیس وبەلا و باوەری مەزهەبی دژ، کەشیعەیە تاوانبارکراون، سەرەڕای باوەڕی پتەویان بەئاینی ئیسلامی سوننی.

لەگەڵ هەمو ئەمانەشدا بەپشتبەستن بەسەرچاوەکان دەکرێ ئەوە بوترێ کە هەستی نەتەوایەتی و ناوچەگەری و دوری لە وڵات پاڵنەری سەرەکی بون لەگەڵ کاریگەربون بەهزری یەکتر و زانست و زانیارییەکان بۆ ئەو هاورێیەتییە پتەوەی کە لە نێوان هەردو زانای کورددا هەبو، تەنانەت لەبیرکردنەوە و نوسینیشیاندا، بەشێوەیەکی بەرچاو ڕەنگدانەوەی هەبوە.

## ٦. سەرچاوەکان

ابن خلكان، (١٩٤٨)، وفيات الاعيان وانباء ابناء الزمان، القاهرة، مطبعة السعادة.

ابن كثير: (٢٠٠٨)، البداية والنهاية، تحقيق: عماد زكي البارودي-خيري سعيد، القاهره، المكتبة التوفيقية للطباعة.

ابو شامة، (١٩٧٤)، تراجم رجال القرنين السادس والسابع"المعروف بالذيل على الروضتين"، بيروت، دار الجيل، ط٢.

تۆفیق، زرار صدیق، (٢٠٠٨)، چەند لێکۆڵینەوەیەک دەربارەی مێژووی کورد لە سەدەکانی ناوەڕاستدا، هەولێر، چاپخانەی خانی.

الجوزلى، أميد إبراهيم، (٢٠٠٨)، الحياة العلمية فى اربل من القرن السادس حتى منتصف القرن السابع للهجرة، اربيل، مطبعة ڕۆژهەلات،.

حسن، قادر محمد، (٢٠٠٩)، اسهامات الكرد فى الحضارة الإسلامية "دراسة عن دور الكرد الحضارى فى مصر وبلاد الشام خلال عهد المماليك البحرية٦٤٨-٧٨٤ك/١٢٥٠-١٣٨٢ز" دراسة حضارية، اربيل، دار سپيريز، مطبعة حاجى هاشم.

حسين، محسن محمد، (٢٠١٢)، بحوث فى التاريخ الكردى، اربيل، منشورات الاكاديمية الكردية، مطبعة حاجى هاشم.

الحنبلى، ابن العماد، (١٩٧٩)، شذرات الذهب فى اخبار من ذهب، بيروت، دار الميسرة، ط٢.

الذهبى، (١٩٩٩)، تاريخ الاسلام ووفيات المشاهير والاعلام"حوادث ووفيات ٦٥١-٦٦٠، تحقيق: عمر عبد السلام التدمرى، بيروت، دار الكتاب العربى.

الصفدي، (١٩٩٨)، أعيان العصر وأعوان النصر، تحقيق: فالح أحمد البكور، بيروت، دار الفكر للطباعة والنشر والتوزيع.

الصفدي، (٢٠٠٠)، كتاب الوافي بالوفيات، تحقيق: أحمد الأرناؤوط ـتركي مصطفى، بيروت، دار احياء التراث العربي.

المقريزي، (١٩٥٦)، كتاب السلوك لمعرفة دول الملوك، القاهرة.

الهذبانى، (٢٠٠٤)، تاريخ ابن أبي الهيجاء، تحقيق: احمد فريد المزيدي، بيروت، دار الكتب العلمية.

هەروتی، مەهدی عوسمان، (٢٠١٥)، (ابن ابى الهيجاء)ی هەزبانی وریبازی لەنوسینی مێژوودا "تویژینەوەیەکی شرۆڤەکاریە"،گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی،ژمارە (٣٤).

ياقوت الحموى، (٢٠١٠)، معجم البلدان، بيروت، دار صادر، ط٨.

اليونيني، (١٩٥٤)، ذيل مرآة الزمان، حيدر آباد-الدكن، مطبعة مجلس دائرة المعارف العثمانية.

العيني، بدر الدين، بلاتاريخ، عقد الجمان في تاريخ أهل الزمان، https://al-mostafa.info/data/arabic/depot/gap.php?file=001697-www.al-mostafa.com.pdf ،تاريخ الوصول: ٢٠١٨/٩/٢

[1] - بە گوتەی یەکێک لە مێژوونووسەکانی سەردەمی نوی، ناوبراو بە کوڕی میر مجیرالدین خوشترین (م: ٦٦١ک/١٢٦٣ز) کوڕی میر حسام الدین عیسی (م: ٦١٩ک/١٢٢٢ز) ی کوڕی میر خوشترینی هەزبانییە کە یەکێک لە میرە ناسراوەکانی سوڵتان صلاح الدینی ئەیوبی بوو. د.زرار صدیق تۆفیق: چەند لێکۆڵینەوەیەک دەربارەی مێژووی کورد لە سەدەکانی ناوەڕاستدا،چاپخانەی خانی، (هەولێر: ٢٠٠٨)، ل١٣٥.

[2] - چیای قاسیون: ئەو چیایەیە کە دەڕوانێتە سەروی شاری دیمەشق و ژمارەیەک لە ئەشکەوت و گۆڕی بنەماڵەی سوڵتان صلاح الدینی لێیە و لە مێژوودا زۆر لە پیاهەڵدان و پیرۆزیەتی لە بارەوە گوتراوە. بڕوانە: یاقوت الحموی (ت: ٦٢٦هـ/١٢٢٩م):معجم البلدان، ط٨، دار صادر، (بیروت: ٢٠١٠)، ج٤، ص٢٩٥-٢٩٦. -الهذبانی: تاریخ ابن أبي الهیجاء، تحقیق:أحمد فرید المزیدي، مقدمة المحقق، ص١٦٩.